# ئه وه بۆچی هه موو شاعیره خۆشه ویسته کانمان ناوی ناخۆشیان هه یه؟!

ئه رده لآن عه بدولڵلا
Ardellen1@web.de

هه روه ك چۆن ده بێت هه موومان سووپاسی مامۆستایانمان بکه ین ، چونکه گه ر ئه وان نه بوونایه ئه مرۆکه سمان نه مان ده زانی بنووسین و بخوێنینه وه . به هه مان شێوه ش پێویسته هه موومان سووپاسی شاعیره کانمان بکه ین،چونکه گه ر ئه وان نه بوونایه ، ئه مرۆ که سمان نه ووشه یه کی جوان یان رسته یه کی باشمان نه ده نووسی . ته نانه ت خۆمان ومنداڵه کانیشمان بێ ناوی کوردی ده بووین . به ڕاستی ئێمه هه موومان قه رازر باری ئه و به ڕێزانه ین و سه ر رێزو نه وازش بۆ شاعیره نه مره کانمان داده نه وێنین . نابێت که سمان ئه وانمان له بیر بچێت . چونکه ته نها ئه وان بوون توانیان ئه ده بی کوردی دابمه زرێنن.
ئه وان بوون زمانی کوردیان به هه زران ووشه ی جوان ده وڵه مه ند کرد . گه ر ئه وان نه بوونایه هه نوکه ئێمه هه ر به عه ره بی وفارسی وتووركی قسه مان ده کرد . لێ من له م ناوه حه زین و دڵته نگانه یان تێناگه م؟! . کاتێك که سه یری دیوانه که ی قانیع و بێکه س و پیره مێرد ده که یت، سه رت له و هه موو شیعره شۆرشگێری و جوان ومه زنانه سوورده مێنێت . لێ کاتێك ده بینیت ئه م مرۆڤه مه زن و بلیمه تانه ، ئه م ناوه ناخۆشانه یان هه یه .
گه ر سه یری شاعیرانی پاش ئه مانیش بکه یت هه ر هه مان عاده تیان دووباره کردۆته وه .ئاخر که سێك شیعری ( له ت له تم که ن هێشتا ده ڵێم کوردم ئه من ) بڵێت ، چۆن ده بێت هێمن بێت ؟! گه نجینه یه کی مه زنی وه کوو ( هه مباره بۆرینه ) چۆن ده بێت هه ژار بێت ؟!! لێ پاش ئه مان هه موو شاعیرانمان کردوویانه به خوو که ناوی غه مناك و بێزاری له خۆیان بنێن .
( په شێو ، زامدار ، غه مگین ، خامۆش ، بێ به ش ، بێ لاڤ، غه مبار ) . تۆ بڵێیت بۆچی هێنده غه مبار و حه زین بن؟؟!! یان تۆ بڵێیت له به ر ئێمه خۆیانیان له بیرچووبێته وه و ئه م ناوانه یان له خۆنابێت ؟؟!! . به لآم له هه مووی سه یر تر شاعیری نه ته وه ییمان ناوی ( دڵداره ) .
جارێکیشیان مامۆستا هێمنی مه زنیش ئه م پرسیاره ی له مه حموود زامدار کردبوو پێی ده ڵێت ( بۆچی شاعیرانی هه ولێر هێنده ناوی حه زین له خۆیان ده نێن ) .
لێ ئه مرۆ هه موو شاعیرانمان ناویان حه زینه . هه ر چه نده به ڕاستی له هه ولێر به شێك له هونه رمه ند و گۆرانی بێژه کانیشیان، هه ر ناوی حه زینیان هه یه ( بێزارگه ردی ، ره نجه رۆ، په رێشان ، ته نیا ).ئێوه هه موو کات خه ریکی گۆرانی و به زمن،ئه م ناوه حه زینانه چییه ؟؟!! .

من هیوادارم شاعیره بە ڕێزه کانمان لێم تووره نه بن . به ڕاستی من حه زناکه م هێنده غه مبار و دڵته نگ بن . هیوادارم هه ر ده م له خۆشی وکامه رانیدا بن . چونکه به ڕاستی ئێمه ته نها ئه وانمان هه یه ، جوانی ژیانمان بۆ وه سف بکه ن.